# جارێکی دیکەش دەستی ڕەشی تیرۆریستان چووە خوێنی کوردستانیەکان و کارەساتێکی نەتەوەیی لێکەوتەوە

لە کاتێکدا ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربان، وەك ڕەسمی هەموو ساڵێك و هەموو جەژنێك، چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ لە شاری هەولێری پایتەخت بۆ جەژنە پیرۆزە روویان لە ماڵی یەکتر و بنکە و بارەگای لایەنە سیاسیەکان دەکرد؛ دوو تێرۆریستی پەروەردەکراوی هەڵخەڵەتاو دوا بە دوای یەك لە بارەگای لقی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەڵبەندی ٣ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە حاڵێکدا دەستی درۆ و ناراستییان نابووە ناو دەستی پێشوازی کەرانەوە، خۆیان تەقاندەوە و بەوکردەیە سەدان مرۆڤی دڵ پڕ لە هیوا و ئومێدیان نوقمی ئاگر و خوێن کرد؛ جەژنیان لە خەڵکی کوردستان کردە شین و سەدان بنەماڵەیان ڕەشپۆش و تازیە بار کرد؛ دڵی سەدان دایکیان سووتاند و سەدان خوشك و دەیان ژنیان تووشی لێقەومان کرد و چاوی سەدان منداڵی چاوگەشی کوردستانیان پڕ لە ئەسرین کرد.

کەسانێك لە نێو ڕیزی شەهیدانی جەژنی قوربانداندا کە دەیان ساڵ لە تەمەنی خۆیان لە پێشمەرگایەتی و ئاوارەیی و تێکۆشان لە ڕێگای رزگاری و کورد و کوردستاندا تێپەڕ کردبوو و جێ پەنجەیان بە دەسکەوت و سەروەرییەکانی گەلی کوردستانەوە دیاربوو.

بۆیە ئەو کردەوەیە، بەهەر ئامانج و مەبەستێك و لە لایان هەر کەس و لایەنێك و بە هەر ناوێکەوە، تاوان بوو؛ تاوان دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، دژی دین و ئایین و ڕەوشت، دژی کوردستان و سەرجەم نەتەوی کورد و دژی ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی و ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان–نینا زۆر بەتوندی مەحکومی دەکا و نەحلەت و نەفرەت لە بڕیاردەران و ڕێکخەران و بەرێوەبەرانی ئەو تاوانە دەکا. هەروەها، دایکانە هاوخەمی و هاودەردی و سۆزی خۆی لەگەڵ دایکان و خوشکان و هاوسەران و منداڵانی لە پاش بەجێماوی شەهیدانی ئەو کارەساتە و خەڵکی کوردستان بەگشتی و دانیشتوانی هەولێری پایتەخت بەتایبەتی دەردەبڕێ و پرسە و سەرەخۆشیش ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو هێز و لایەنە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان دەکا.

ئێستا کە تیرۆریستانی ڕەشبین و هیوا بڕاو، کوێرانە و بێ تۆفێر کوردستانیەکانیان تووشی کارەساتێکی میللی وەها کردوە، جێی خۆیەتی کە گەلی کوردستان و هێز و لایەنە سیاسیەکانی خوێنی شەهیدانی ئەو کارەساتە و فرمێسکی ئازیزانی جەرگ سوتاویان بکەنە هەوێنی یەکێتی و ڕێکخستنی ئیرادەی سیاسی و گوتاری نەتەوەیی و نیشتمانی هاوبەش و بەوەدەسهێنان و دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کوردستان، گیانی شەهیدانی ئەو کارەساتە و هەموو شەهیدانی کاروانی خەباتی رزگاریخوازییمان شاد بکەن.

**سەربەرزی بۆشەهیدان ڕێگای ئازادیی کوردستان**

**مەرگ و نەمان و ڕوو ڕەشی بۆ تیرۆریستانی تاوانبار**

**ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان-نینا**

**١٤ی ڕێبەندانی ٢٧٠٣**

**٤ی شوباتی ٢٠٠٤**